چوارچێوەی هەماهەنگی: سبەی وەفدێکی باڵامان سەردانی هەولێر و سلێمانی دەکات



ئەمینداری گشتی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعەکان ئاشکرایکرد، سبەی دوشەممە، وەفدێکی باڵایان سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات و لەگەڵ سەرکردەکانی کورد لە هەولێر و سلێمانی کۆدەبێتەوە.

عەباس رازی، ئەمینداری گشتی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعەکان، لە راگەیەندراوێکدا کۆستی موتەبەع کووتووتی، سبەی دوشەممە، وەفدێکی باڵای چوارچێوە سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات بۆ دیدار لەگەڵ سەرکردەکانی کورد لە هەولێر و سلێمانی.

ئاشکراشیکردوە، وەفدە باڵاکە پێکدێن لە هەریەکە لە محەمەد شیاع سودانی و هادی عامری و موحسین مەندەلاوی.

هەمای بۆ ئەوەش کردوە، سەردانەکە لەسەر بنیارە چوارچێوەی هەماهەنگییە کە لە دوایین کۆبونەوەیدا داویەتی بە ئامانجی گەیشتن بە رێککەوتنی پارتی و یەکێتی بۆ

یەکلاکردنەوەی کاندیدی سەرۆك کۆمار ئەوەش لەڕێگەی نزیککردنەوەی تواناینەکانیان و پێویستی پابەندبون بە وادەی دەستوریيەکانەوە.